# له ڕۆژی دایک دا یادێک له دایکی دایکان

qayshi@yahoo.com

## دایکی یەکەم

**له سویددا ، دواین یەکشەمەی مانگی مەی Maj وەک ڕۆژی دایک دیاریکراوه.**
**چەن ساڵ پێش ئەو چەن دێڕەم خوارەوم بەبۆنەی ڕۆژی دایکەوه نووسیوه، چەن جار به یارمەتی بەڕێوەبەرانی چەن سایتی ئەنترنێتی و مانگنامه و هەفتەنامه و ( کانالی تەلەڤیزیۆنی کوردی له ستۆکهۆڵم) خستوومەته بەر دەستی تۆی سەروەر، ئێستایش ئەیخەمەوه بەر دەستت.**

**زۆر شتم خوێندەوه، زۆر واژەنامه گەڕام بەڵکو وشەیەک بدۆزمەوه که باڵای به قەد باڵای دایک بێ، هیچ کام لەوانه وشەیەکی وەهای تێدا نەبوو که بگاته ئەو پلەیه، ناچار به واژەنامەی دەروونمدا گەڕام و– ئەو وشەم بۆ دییەوه. وەشەی ژیان.**

**ژیان: کاتێک تیشک له چاوگی خۆی جوێ ئەبێتەوه ڕەنگی سوور گەشه، پاشان بەرەبەره ڕەنگی زەرد هەڵئەگەرێ و بەرەو نەمان ئەروا. بۆچ وای بەسەر دێ؟**
**بۆ ئەوەیه که له دامێنی دایکی خۆر دوور ئەکەوێتەوه.**

**سێوێک، هەنارێک، هێشووه ترێیەک تا به دارەکەوەیه جوانه و بۆنخۆشه، ڕەنگی سوور و گەشه، هۆکەی ئەوه که باڵای له باڵای دایکی ئاڵاوه، هەر ئەوندەی باسکی له گەردنی دایکی ترازا، سیس ئەبێ و ئەپوکێتەوه، و پاش چەند ڕۆژێک ئەمرێ.**

**ماسییەک، تا له ئامێزی دایکی ئاو دایه، جا ئەوەکه جۆگەلەیەکی باریک و بچکۆله بێ، یا دەریایەکی بێ پایان ماسییەکه سرک و دڵشاد و– وریایه، لەگەڵ ئەوەی له ئاو دوورت خستەوه چەن جار دەم بەیەکدا ئەدا و پاشان بۆ هەمیشه چاوی به مۆلەق ڕائەوەستێ .**

**هەموو بینوومانه مراویەک چەن بێچووی خۆی ئەداته بەر و ئەیانباته گوێ چۆمێک تا فێری سەمای سەر ئاویان بکا، کاتێک یەکێک له بێچووەکان له نێرینەی ئاوەکەدا گیر ئەکا و ناتوانێ خۆی دەرباز کات، له ترسانا ئەکەوێگه دڵەتەپێ– لەو کاتەدا دایکی فریای ئەکەوێ و ئەچێته سەر پشتی دایکیەوه، ئینجا ئەکەوێته گاڵته کردن به ئاوەکه و ئەڵێ: تۆ بووی ئەویست نوقم کەی و بم خنکێنی، وەره، وەره سەیری پاپۆڕی دەریا شکێمکه، وەره، سەیریکه، سەیر.**



وێنه له ئەنترنێت وەرگیراوه ،

# دایک نەک هەر ژیانە، بەڵکۆ ژیانیش ئەپارێزێ

**ژیانی** پەرەسێلکەیەک پاشترین ئاوێنەی باڵانمای ئەو باسەیە. لەگەڵ ئەوەی هەوای بەهاری تەنگی بە بەفری زستانی هەڵچنی، دوو پەرەسێلکەی بچکۆلە هەڵئەفرن، ئەرۆن باڵە ناسکەکانیان تەڕ ئەکەن و ئەگەڕێنەوە گۆشەی دیوارێکی پێ تەر ئەکەن، پاشان ئەڕۆن بەدەنووک تیژ و باریکەکەیان قور و چیلکە ئێنن و چین، چین لەسەر یەک دایئەنین و خانوویەکی قایم کە پایش بۆ نەڕووخێ ساز ئەکەن.

**لەکاتی** تەواو بووندا بە پووش و پلاشی خاو دۆشکەیەکی نەرم و نۆڵ دروست ئەکەن، ئینجا پەرەسێلکەی مێینە هێلکە دەکا و لەسەری کڕ ئەکەوێ و بەگەرمای ژیانبەخشی لەشی چەن دانە لە جۆری خۆیان دروست ئەکات. پاشان دوو دڵدار و دڵبەر ئەکەونە هاتووچوو، بۆ خواردن پەیدا کردن بۆ زەرنەقوتەکانیان، لە کاتی کەچەڵە بووندا پەڕەوازەیان ئەکەن بۆ ژیان.

ئەوە کورتەیەک بوو لە ئەرکی دایک لە نێو بوونەرەکانی دەوروبەری خۆماندا. با روو کەینە جهانی مرۆڤ بۆ رەنج و تێکۆشانی بێپایانی دایک لە پێناو مناڵدا .
**دایک** ماوەی نۆ مانگ و نۆ روژ منداڵ لە سکی خویدا پەروەردە دەکات، خۆراکی مناڵ لەو دەورانەدا لە بەدەنی دایکەوە سەرچاوە ئەگرێت، ئەوەیش لە گوڕوتینی دایک کەم ئەکاتەوە و لە ئاکامدا لاوازی و بێ هێزی دەبیت و زۆرجاریش دووچاری نەخۆشی.

پاش ئەو نۆ مانگ و نۆ رۆژە مناڵ داوای ژیانێکی ئازاد و سەربەست دەکات، بۆ ئەنجامی ئەو ئاواتە دایک ئەبێ ژان و ئازارێکی زۆر بکێشت. پاشان مناڵ پێ ئەنێتە ژیانێکی تازەوە. لە هەندێ کاتدا بڕێ مناڵی تووش و چەتوون بە حەو مانگ دێنە دنیاوە، خودی نووسەری ئەم چەن دێڕە یەکێک لەو کەسانەیە.

**کاتێک** مناڵ لە بەدەنی دایکی ترازە و جیابووەوە، رەنج و دەردیسری دایک لە بری ئەوەی کەم بێتەوە زیاتر ئەبێت. کاری دایک لەم دەورەدا شیردانە بەمناڵ و شەونخوونی بەلای لانکەو و ئاگاداریکردنە لێی و .... . لەم پرۆسەدا نابێ رەنج و تێکۆشانی باوکیش فەراموش کرێت!

**مانگی مای 1999**

## دایکی دووهەم

**لەو چەن دێڕەی سەرەوەدا باس لەوە کرا کە تیشک بنکەیەکی خۆی بوو، لەو بنکەدا بە شادی ژیاوە، لەو چەند دێڕەدا باسی چەن میوە کراوە کە ژیانیان بستراوە بە ریشەی درەختەکانیانەوە، هەروەها باسی ماسی، بێچوە مراوی و مناڵ کراوە کە ژیانی هەر کامیان بستراوە بە لایەنێکەوە. ئەگەر ژیانی هەموو ئەوانە پابەنی لایەنێک بێ، ئەی ژیانی خودی ئەو لایەنە، واتە دایکی ئەوانە چی ؟!  بڵێی ژیانی ئەو لایەنە بێ ریشە بێت، نا بێ ریشە نییە، ریشەداران.**
**ریشەی هەتاو وا لەو دەریا شێنەی کە دەوری داوە. بەڵام ریشەی درەخت، ریشەی ئاو، ریشەی مەل و موور و مرۆڤ وان لە دڵێزەویدا، وان لە دڵی ئەو خاکەدا کە تێیدا ژیاون، واتە خاک دایکی ئەوانە. دایکیش وەک مرۆڤێک هەمان چارە نووسی هەیە، خاکی ئەو شوێنەی کە تێدا ژیاوە دایکیەتی. بمانەوێ و نەمانەوێ هەموومان هەمان چارەنووسمان هەیە، پێویستە بە چاوی سووک و بێبەها لەو دایکەی‌ش نەڕوانین. پێم وابێ درێژە دان بەو باسە لەوە زیاتر مناسب نییە و مەبەستەکە روونکراوەتەوە، لێرەدا چەن نموونەیەکی ناشیرن و نا مناسب سەبارەت بەو دایکە دەسنیشان ئەکەم.**



خانمی یەکەمی عیراق رزگاری دەبێت

بۆمبێکی چێندراو بەکاروانی ئۆتۆمبێلەکانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەددا

PUKmedia تایبەت 13:18:18 04-05-2008

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ 5/4 هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خانمی یەکەمی عیراق لەبەلا رزگاری بوو.

لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک بە PUKmedia ی راگەیاند: پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بۆمبێک بەکاروانی ئۆتۆ...
ئەحمەد خانمی یەکەمی عیراق تەقیەوەو لەئەنجامدا 4 لەپاسەوانەکانی بریندار بوون.

**ئەگەر بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنەی ( PUKmedia ) بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خانمی یەکەمی ئێراق بن، ئەبێ بەڕێز جەلال تاڵەبانی کە هاوسەری ئەوانە کەسایەتی یەکەمی ئێراق بن.**



سەرۆک بارزانی، بۆ سەتەلایتی کوردستان:

...تی مەسەلەی کەرکووک و شوێنەکانی دیکە رازی نین و قبووڵ...

من هیچ پۆستێک بە دامەزراندن وەرناگرم



سەرۆک بارزانی لەدیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەبوزەبی:

لە عێراق نابێ کەس لە سەرووی یاساوە بێت و دەبێ یاسا سەروەر بێت

Khabat

خەبات

**بۆ ئەبێ ئەونده بایەخ بە یاسای ئێراق بدەن و بە سەروەری هەموو کەس و لایەنێکی بزانن،**
**بەڵام لە کوردستان دا هێچ پۆستێک بە دامەزراندن وەر نەگرن ؟!**
**بۆ ئەبێ لە کوردستانیشدا یاسا سەروەر نەبێ و سەرۆک هەبێ ؟!**



11

ئیبراهیم عەلیزادە:

کۆمەڵە بەهێزترین کۆڵەکەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە

ئامادەکردنی: بەیان سنەیی

**کۆمەڵەیەک کە ستراتیژی دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی هەبێ، ناتوانێ خۆی لە چوارچێوەی بەرتەسکی کوردستانی ئێران دا قەتیس بکات،**

**خۆزگە ئەو بەڕێزانە بچوایەتنە بەغا و تاران تا پلەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان بۆ دیاری بکردایەتن .**

## ئەو چەن دێرە پێشکەش بە دایک و دایکی دایکان

### دایک و زمانی دایکی ( زمانی زگماکی )

دایە، ئەمرۆکە رۆژی تۆیە
دنیای من، ژینی تۆیە!
ژینی من و دنیای تۆ
تێکەڵن وەک تان و پۆ

دوێنێ بەیان چووم بۆ شار
گەڕام دووکان و بازاڕ
کە دیارییەکت بۆ بکڕم
وەفاداریم دەرببڕم

لەم شارە بەربڵاوە
لەم شارە جوان رازاوە
هیچم بۆ پەسەند نەبوو
گشتم بەلاوە کەم بوو

مات و مەلول گەڕامەوە
بۆ قوتابخانە چوومەوە
هانام بۆ مامۆستام برد
گرێی دڵم کردەوە

مامۆستا وتی:
پێنووسەکەت هەڵگرە
هەستی دڵت دەربڕە
بە زمانی خۆت، بدوێ بۆی
کە گوڵ و گوڵاو– و شەکرە

وتم: مامۆستا ئامان
ئامان، دەستم بە دامان
من ناتوانم وا بکەم
هەستی دەرون بەیان کەم

هەستی دەروون، بە وەرگێڕان
گوڵێ دەسکردە لە گوڵدانێ جوان
بێ بۆنە و بەرهەم
چێژ نادا بە ژیان!



وێنە لە کارە هۆنەریەکانی هونەرمەندی کوردستان،
کاک (مزەفەر نامداری).

مامۆستا وتی: بۆ ؟

وتم: من زمانی دایکیم نییە بۆ نووسین
وتی: تۆیش دایکت نییە بۆ رامۆسین!
نە نامە بنووسە و نە دیاریش بکڕە
گەردی مەلولی لە سیمات بسرە.

ئامان دایە گیان ئیتر وا مەکە
لەمە زیاتر، غەدرم لێ مەکە!
با بە زمانی دڵ من بۆت بنووسم
سەرتاپای بالآت بەدڵ رامۆسم

دایک:

رۆڵەی خۆشەویست ئارامی گیانم
بەرهەمی رەنجی رۆژ و شەوانم
هێناوتە پێشێ باسێکی، گران
نووسینت ئەوێ بە زمانی، دووان

زمانی دایکت ئەوێ بۆ <u>نووسین</u>
تا بەیان بکەی خۆشەویستی ژین–
بڵێی مرۆڤم، منیش وەکو تۆ–
خاوەنی هەستم، هەستێ سەربەخۆ

نا، نا، وا نییە
لە ناوی ئێمەی کورد هەستی، وا نییە
ئێمە گەلێکین بێگانە، پەرەس
شەیدای کۆیلەیی و ژیانی ژێردەس

مناڵ:

دایکی خۆشەویست ئاواتی ژیانم
ژیان بەو جۆرە ئەمن، ناتوانم
دەسکەوتی ژیان وا لە نێو ژیان
دەبێ تێکۆشی، بگەی بە کاروان!

## länge leve mors dag!

**Mamma, idag är det mors dag.**
**Jag vill inte gå på dagis,**
**till gröna lund**
**och skolan.**

**Jag skulle gärna vilja**
**stanna hemma hos dig.**
**Jag vill titta på dig,**
**lyssna på dig,**
**lukta på dig,**
**sjunga för dig.**

**Med många fina ord**
**säger jag:**
**Länge leve mamma,**
**länge leve i dag,**
**länge leve mors dag!**

**27/mars 2001**



Ritning av Rebwar Ashnage

## Dialog

**Hej mamma, titta på mig**
**jag står vid din säng**
**och har en fråga till dig**
**snälla mamma, svara mig**

**Jag vill göra en sak för dig**
**köpa godis eller rosor**
**eller pussa dig?**
**snälla mamma, svara mig**

**Mamma:**

**Kom, kom till mig**
**köp ingen åt mig!**
**Jag vill ej heller**
**köpa något till dig**
**men jag vill krama dig.**

**Maj 2004**




## پرسیار و وەڵام

**دایە، لە مێژە هەستاوم**
**لە ژوور سەرت راوەستاوم**
**پرسیارێکم هەیە لێت**
**وەڵام دەوە، با بزانم**

**بۆ ئەمرۆ گودیست بۆ بسێنم**
**یا گوڵێکی سوور**
**یا ماچێکت لێبستێنم؟**
**وەڵام دەوە با بزانم**

**دایک:**
**وەرە، وەرە با لە ئامێزت گرم**
**نە هیچم بۆ بستێنە**
**نە هیچیت بۆ ئەستێنم!**
**ئەوە وەڵام چاوەکانم**

**ساڵی 2003**

2009/5/26 سەعی سەقزی